- پەسەندکردنی حەرەمی نویَ ی گوندی ( کانی شێخ )سەر بە قەزای هەڵەبجە/ ناحیەی سیروان و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بە رووبەری (12,00, 14) دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (1/244) لە کەرتی 12/دەلێن بە پێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە 2014/9/8 .

**بەیانی ژمارە (7)ی ساڵی 2014**

پاڵپشت بەنووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (14570 لە 2014/7/2) بریارماندا بە :-

- پەسەندکردنی حەرەمی نویَ ی گوندی (کەوتە) سەر بە قەزای هەڵەبجە/ ناحیەی سیروان و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بە رووبەری (20) دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (123) لە کەرتی 30/گوندەوسەراو) بە پیَ ی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە 2014/9/8 .

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (8)ی ساڵی 2014**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی حەوتەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (12)ی ساڵی 2007 وە ، بڕیارماندا بە : -

- هێنانە کایەی (استحداث)ی هۆبەی (سەرپەرشتیاری پەروەردەی پیشەیی) سەر بە بەرێوبەرایەتی گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە مەبەستی سەرپەرشتیاری پەروەردەی پیشەیی لە بەرێوەبەرایەتیە کەیان.
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە 2014/9/7 .

**محمد قادر محمد**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە** 7831 **لە** 2014/9/30